# دوا نامەیەک: کە هاوڕێکەم نووسیی

ووسینی/ یوسف عزالدین

**کاتێک** لە بەردەم قەڵا زۆر دێرینەکەی شارۆچکەکەدا راوەستابووم. گوێم لە تەهلیلەو زیکری ئەو دەروێشانە بوو: کە لە پێش حەشامەتەکەوە دەڕۆیشتن.

هەر لە خۆمەوە وەدووی حەشامەتەکە کەوتم: کە زۆر بە بێدەنگی گوێیان بۆ دەنگی دەروێشەکان، هەڵخستبوو.

پاش ئەوەی حەوت جار، بە دەوری قەڵاکەدا سووڕانەوە. ڕێگە بەردەڵانەکەی دەستە چەپی قەڵاکەیان گرتە بەر. پاش سەعاتێک، گەیشتنە تاکە گۆڕستانێکی شارۆچکەکە: کە زۆر لە شارۆچکەکە فراوانتر و گەورەتر بوو.

لە نێوەڕاستی گۆڕستانەکەدا، حەشامەتەکە بە شێوەیەکی بازنەیی، چواردەوری تابووتێکیان تەنی و پاشان بە چوارمشقی و هەریەک لە جێگەی خۆی دانیشت.

بەڵام دەروێشەکان، هیچ رانەوەستان: تا گەیشتنە سەر تەپۆڵکەیەکی نزیک گۆڕستانەکە و پاشان ون بوون. ماوەیەک بە بێدەنگی وەک هەر کەسێکی نێو حەشامەتەکە: بە چوارمشقی لە شوێن خۆمدا دانیشتم. نە چاوم لە جووڵەی هیچ کامێکیان و نەگوێشم لە دەنگی هیچ کەسێکیان بوو.

لە ناکاو، هەروەک ئەوەی کە یەکێک پێی گوتبێتم: هەستامە سەر پێ و روانیمە

تابووتەکـە... پەتۆ رەشـەکـەی سـەری زۆر سـەرنجی راکێشام.
لە جێی خۆم دانیشتمەوە و پاش کەمێک تێفکرین: لەبەر خـۆمــەوە گـوتم: "باشــە بۆ لە یەکـێکیــان، نەپرسم!؟"
رووم کردە، ئەو زرتە زەلامە ردێن سپییەی.. کە بەبێ جووڵە، لە پاڵمدا دانیشتبوو: "لالۆ، حەز دەکەم بزانم تابووتەکە کێی تێدایە؟!".
پاش ئەوەی هەمـان پرسـیـارم، بۆ چەند جـارێکیش دووبارە کـردەوە: هیـچ وەڵامـێکم نەهاتە گـوێ. بۆ تاوێک لە شوێن خۆمدا کڕ بووم...
دواتر هەر لە خـۆمـەوە هەسـتـامـە سـەرپێ و بەنێـو حـەشـامـەتەکـەدا تێـپـەڕیم. بە مـاوەیەکی زۆر کـەم، گەیشتمە نزیک تابووتەکە.
پاش ئەوەی هیچ کەسێکی نێو حەشامەتەکە، دەنگی لێوە نەهات .
بەکاوەخۆ، پەتۆ رەشەکەی سەر تابووتەکەم هەڵدایەوە. تا سێ بەشی تابـووتەکــە، هیــچم نەبینی.. لە دوا بەشیدا، سەری کەسێکم بینی: کە هێشتاکە چاوەکانی کـــراوە بـوون. دوای ئەوەی پەتۆکـــەم وەک خـــۆی دادایەوە.. وام هەست کـرد؛ کـە ڕەنگە پێشـتـر، شکڵ وشـێـوەی ئەو سـەرەم.. لە کـات و شـوێنێکی تردا، بینیبێت.
گەڕامەوە شوێنی خۆم و وەک ئەوان کەوتمە تێڕوانینی لەپی دەسـتی راسـتم، تا دەهات عـەردەکـە ساردتر و دنیـا تاریک تر دەبوو. دەبوو بگەڕێمـەوە بۆ نێـو ئەو ئوتێلەی، کە بۆ تەنها شەوێک؛ ژوورێکم تێدا بەکرێ گرتبوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، شتێک لە ناوەوە پاڵی پێوە دەنام، بۆ زانینی ماجەرای سەری نێو تابووتەکە.
دەیان پرسـیـار لە ناخـمـدا، سـەرەتاتکێـیـان بـوو؛ بۆ دەبێت نەینێژن؟! بۆ دەبێت بەبێ هەست و خوست، لە چوار دەوری.. بە چوار مـشـقی دانیـشـتـبـێتن؟! دەروێشەکان بۆ جێیانهێشت و بۆ کوێ چوون؟!



لە هەمووشی سەیرتر، هیچ گۆڕ و چاڵێک، بۆ ناشتنی ئامادە نەکرابوو!؟...
لەپڕ دایکردە باران و تاوێکی خایاند...
کە بارانەکە خۆشی کردەوە.. یەکە یەکە هەستانە سەر پێ و چوار کەسیان، تابووتەکەیان نایە سەر شانیان و لە پێش حەشامەتەکەوە، بەرەو شارۆچکەکە کەوتنە رێ.
بەکـاوەخـۆ، وە دوویان کـەوتم: تا گـەیشـتـنە بەردەم پەرسـتگایەکی لە بەرد دروسـتکراوی ڕەنگ سـپی. لەوێدا تابووتەکەیان جێهێشت و هەر یەکەیان لە سووچ و سەری یەکێک لە کووچەو کۆڵان و شەقامە هەمەجۆر و جیاجیاکانی، چوار دەوری پەرستگاکەوە ون بوون.
هێدی هێدی، لە تابووتەکە نزیک بوومەوە؛ لەوەدا بوو کە پەتۆ رەشەکەی سەری هەڵبدەمەوە.. کاتێک گوێم لە دەنگی ددانەجیڕەو وەڕینی گەماڵێک بوو: کە زۆر لە نزیکمەوە راوەستابوو.
پاشە و پاش کشامە دواوە و لەپاڵ دیوای پەرستگاکەدا راوەستام.
پاش کەمێک، گەماڵەکە بە بێدەنگی لە شوێن خۆیدا هەڵتووتا؛ کە لێی ورد بوومەوە؛ زۆر بە نائاسایی هاتە پێش چاوم.
چ چاوەکـانی بە شـێـوەیەکی لاکـێـشـەیی، بەرەو لای هەردوو گوێچکەی هەڵکشابوون؛ چ کەڵبەکانیشی زۆر لە کـەڵبــەی، گـەمــاڵی ئاسـایی درێژتر و قــەوی تر بوون!!؟
دوای ئەوەی کە گەماڵەکە، چاوەکانی لێک ناو خەوت، رێگەی ئوتێلەکـەم گـرتە بەرو خـۆم گـەیاندە نێـو ئەو ژوورەی، کە بۆ تەنها شەوێک بە کرێم گرتبوو.
هێشـتاکە دوا نامەی هاوڕێکەمم، نەگەیاندبووە شوێنی مـەبەست. دەبوو دوا وەسـیـەتێکی هاوڕێکەم بهـێنمـە دی. پێش ئەوەی کـە دوا هەناسـەی بدات ئەم نامـەیەی نووسی و دایە دەسـتم.. هێندەی کـە قـسـەی پێکرا، گووتی:

(( بچۆرە شارۆچکەی سامۆش و لە بەردەم قەڵا زۆر دێرینەکەیدا چاوەڕێی هاتنی ئەو بە...)).
فریای ئەوە نەکەوتم، پرسیاری ناو و ناونیشانی ئەوی لێبکەم!؟
تا بەیانی نەخەوتم و هەر لە غایەڵەی دۆزینەوەی ئەو ماجەرای سەری نێو تابووتەکەدا.. لە شوێن خۆمدا گینگڵم دا.
چێشتەنگاو جانتاکەم پێچایەوە و لە ئوتێلەکە چوومە دەر. بە پەلەپڕۆزی خۆم گەیاندە لای پەرستگاکە.. هێشتاکە تابووتەکە لە هەمان شوێنی خۆیدا بوو.
سەیری چوار دەوری خۆمم کرد: دوور و نزیک، نە هیچ کەسێکم کەوتە بەر چاو نە گەماڵەکەشم بینی.
بە فرسەتم زانی.. لە تابووتەکە نزیک بوومەوە و بۆ جارێکی دی پەتۆ ڕەشەکەی سەریم لادا. بەڵام سەرەکەی تێدا نەبوو!؟
لەو کاتەدا، کەسێک کە نەمزانی چۆن چۆنی گەیشتە بەردەم دەرگای پەرستگاکە.. بە توندی کەوتە لێدانی دەرگاکە. هێندەی نەبرد، پیرە پیاوێک دەرگای پەرستگاکەی واڵا کرد و لەگەڵ کەسەکەدا کەوتنە گفتوگۆ.. سەیر لەوەدا بوو، کە تەنها لێویان دەبزوا و هیچ دەنگ و سەدایەکیانم، نەدەهاتە گوێ.
بەڵام هەر لە خۆمەوە، پێم وابوو.. کە کەسەکە سۆراخی سەری نێو تابووتەکە بکات و پیرە پیاوەکەش لە وەڵامدا پێی بڵێت: هێشتاکە سەرەکە، نەگەیشتۆتە نێو شارۆچکەکە، تا بخرێتە نێو ئەو تابووتەی، کە بۆی ئامادە کراوە.
پاش ئەوەی پیرە پیاوەکە، چەند جارێک سەری بەلای ڕاست و چەپی خۆیدا راوەشاند.. دەرگای پەرستگاکەی پێوەدا. کەسەکە، هەر وەک ئەوەی، کە لەپڕ غەیب بووبێت.. چەند چاوم بۆ گێڕا، دوور و نزیک لە هیچ شوێنێکدا بەدیم نەکرد.
بە یەکێک لە کۆڵانەکانی دەستە ڕاستی پەرستگاکەدا ڕەت بووم و پاش سەیرکردنی یەکە یەکەی خانووە لە بەرد دروستکراوەکانی کۆڵانەکە... خۆم لەبەردەم قەڵا زۆر دێرینەکەدا، بینییەوە. لەوەدابوو، کە لە تاتە بەردە گەورەکانی شوورەی قەڵاکە رامێنم... کاتێک پیرەژنێکی پێ پەتی، بەلامدا تێپەڕ بوو. هاوارم لێکرد:
((داپیرە نامەیەکم پێیە بۆ ئەو؛ چما ئێوە نایناسن؟!))
هەر وەک ئەوەی کە گوێی لێم نەبووبێت؛ هەڵوێستەی بۆ نەکردو بە یەکێک لە ڕێگاکاندا، بەرەو قەڵاکە هەڵزنا.
لەوەدابوو کە وەدووی کەوم؛ کاتێک گوێم؛ لە دەنگی لێدانی دەفی دەروێشەکان بوو؛ کە لە پێش هەمان حەشامەتەکەی دوێنێوە، ڕێیان دەکرد.
ماوەیەک وەدوویان کەوتم: بەڵام پاشان، هەر وەک ئەوەی لە راستیدا، نەبووبێتن.. لەپڕ لەبەر چاومدا ون بوون.
دواتر لێڵاییەک بەر چاومی تەنی و بۆ چەند ساتێک هیچم نەبینی... کە بەر چاوم روون بۆوە، زۆر لە نزیکەوە گوێم لە دەنگی هاوڕێکەم... پێم وابوو، ئەو دوا نامەیەم بۆ بخوێنێتەوە؛ کە نووسیبووی:
(ئازیزم... لە خەونمدا، تۆم لە بیابانێکدا بینییەوە... وەک لە خەونەکەمدا دەمبینی.. خۆشت نەتدەزانی، چۆن چۆنی ڕێتکەوتۆتە ئەو بیابانە. هێندە تینوو بوویت، کە جگە لە قوومێ ئاو.. بیرت لە هیچ شتێکی تر نەدەکردەوە.
لە کاتێکدا کە چاوت ڕەشکەو پێشکەی دەکرد. چوار زرتە زەلامی دشداشە لەبەر؛ وەک لەسەر لمی بیابانەکە پاڵیان خستیت و چەقۆیەکی زۆر تیژیان خستە سەر ملت...).